# پەپولە

١٩٨

www.ksc-kcf.org
pepule1992@yahoo.com
pepule1992@hotmail.com
facebook.com/pepule-Magazine

Kurdistan Save the Children
منداڵپارێزی کوردستان

## پیرۆزبێت... ساڵیادی بیست و دوهەمین لە دایکبونی پەپولە.




لەم ژمارەیەدا ئەنجامەکانی پێشبڕکێی پەپولە بڵاودەکرێنەوە

گۆڤارێکی رۆشنبیری پەروەردەیی منداڵانە، منداڵپارێزی کوردستان لە سلێمانی دەریدەکات. ژمارە(١٩٨) - ٢١ی نیسانی ٢٠١٤ / ١ ی گوڵانی ٢٧١٤ ک / ژمارە ( ١ ) ی پەپولە لە بەهاری ١٩٩٢دا دەرچووە.

خاوەن ئیمتیاز
**هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد**

سەرنوسەر
**یاسین قادر زرگوێزی**

ستافی نوسین
**نەریمان عوسمان**

هونەری
**غەمگین فەتاح**

دیزانین
**ئاراس مەحمود**

تیراژ
**پێنج هەزار دانە**

ناونیشان
**سلێمانی - منداڵپارێزی کوردستان**

تەلەفۆن
٣٣٠١٠٤٢-٣٣٠١٠٤٣
٣٣٠١٠٤٤
٠٧٧١٥٩٩٠١١١

لەبەرواری (٢٠١٠/١/٢٨) دا
ژمارە متمانەی(٣٢) ی لە سەندیکای
رۆژنامەنوسانی کوردستان وەرگرتوە.

ئینتەرنێت
www.ksc-kcf.org
www.facebook.com/pepule-Magazine
E-mail: pepule1992@yahoo.com
چاپخانە
**کەکۆن**

دابەشکردن
**کۆمپانیای نێوەند**
٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣

# دەستوچاوتان خۆش

خۆشەویـستانی پەپولە، دەستوچاوتان خۆش و سوپاس بۆ ئەو بەرهەمانــەی بۆ پێشبرکێکەتان نارد. ئێمە بەو بەرهەمانە زۆر دڵخۆشبوین، تەنــها لەبەر ئەوەی لە لایەن ئێوەوە نێردراون. گوڵەکانی پەپولە، ئێمە زۆر بە وردی هەمو چیرۆک و هۆنراوەکانمان خوێنـــدەوەو بە دڵیش سەیری تابلۆکانمانکرد، دەستوچاوتان خۆشبێت زۆریان جــوان و دڵگیـــربون. هەر وەک ســاڵانی رابردوش بۆ هەر بابەتێک یەکەم و دووەم و ســێهەممان دیــــاریکردو لەم ژمارەیەی پەپولەدا بۆمان بڵاوکردونەتەوە.

خۆشـــــەویستان، بەناوی ئێـــوەو خۆمانەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لەو هاورێیانە دەکەین کە خەڵاتەکانـــیان بەدەستهێناوەو پێیان دەڵێین:
"دەســـتوچاوتان خۆش و هەر بژین. تکایە رۆژی دوشەممە رێکەوتی ( ٢٠١٤/٤/٢٨ ) لە ئۆفیـــسی منداڵپارێزی کوردستان ئامادەبن بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکانتان. پیرۆزتان بێت."

**گۆڤاری پەپولە**



## باپیرە

یەکەمی هۆنراوە



باپیرە گیان، باپیرە
ئای کە جوان و دڵگیرە
ڕیشی گشتی سپییە
سپی هێمای ئاشتییە
بۆ خۆی گەورەی هەموانە
ڕێزی لەسەر سەرمانە
دەستی دەگرین بە چاوان
نایخەینە ناو داوان
باپیرە گەورەمانە
ڕێزی لەلای هەموانە
هەر ئەو تاجی سەرمانە
زاناو راوێژ کارمانە
نابێ دڵی ئازاردەی
قسەی ڕەقی لەگەڵ کەین



هانا محەمەد سەعید
پۆلی پێنجەم
قوتابخانەی ئەمین زەکی بنەڕەتی

## گوڵی سور

دووەمی هۆنراوە



گوڵێکی سورم هەیە
زۆر جوان و بێوێنەیە
لە ئینجانە دامناوە
ئێستا لەبەر هەتاوە
بەیانیان ئاویدەدەم
بۆخۆم تێر سەیریدەکەم
کە تیشکی خۆر لێیدەدا
بە باشی گەشەدەکا



لێوان عەلی حەمە رەشید
پۆلی پێنجەم
قوتابخانەی بەختیار زێوەری بنەڕەتی

## بەهاری هەڵەبجە

سێیەمی هۆنراوە



لەبیرم ناچێتەوە
پێنج هەزار گوڵی نێرگز شەهیدبون
لە بەهارە بریندارەکەی هەڵەبجەدا
بەهاربو، بەهاربو
بەهاری گەلان خۆشي و شادوماني بو
بەهاری هەڵەبجە
پڕ مەینەتی بو
بەڵام ئێستا
کە بەهار هاتەوە
برینی دڵەکان
سارێژبونەوە
بو بە سونبولی ناساندنی کورد



ئەحمەد تەها محەمەد
پۆلی پێنجەم
قوتابخانەی باسەرەی بنەڕەتی

وێنە: ئیسماعیل عومەر حەسەن

## پێشبڕكێی تابلۆ



یەكەمی تابلۆ



**تریٚ عوسمان**
**پۆلی دووەم**
**قوتابخانەی باسەڕەی بنەڕەتی**



دووەمی تابلۆ



**دینا سەلام**
**پۆلی یەكەم**
**قوتابخانەی باسانی بنەڕەتی**



سێیەمی تابلۆ



**هامنۆ ڕێبەر**
**پۆلی یەكەم**
**قوتابخانەی (پالێت) -زوتێرمیر - هۆڵەند**

## یەکەمی چیرۆک



لیلۆ ئەمین محەمەد
پۆلی چوارەم
قوتابخانەی گۆرانی بنەڕەتی

# چەپکێ نێرگز



سارا قوتابی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی بو. بە بۆنەی دەرچونیەوە باوکی چەپکێ نێرگزی پێشکەشکرد، چونکە دەیزانی زۆری حەز لە نێرگزە. سارا زۆر دلی بە چەپکە نێرگزەکە خۆشبو،لەناو پەرداخێک ئاودا دایناو هەمو بەیانییەک ئاوەکەی دەگۆری ودەیبردە بەرهەتاو، بەلام چەپکە نێرگزەکە هەر سیسدەبۆوە.



سارا لە باوکی پرسی: باوکە، بۆ نێرگزەکە وەکو گوڵەکانی ناو باخچەکە گەشەناکات!؟ باوکی وتی: سارا گیان، نێرگزەکەت رەگی پێوەنیەو ناتوانێ خۆراک بخوات، چونکە گوڵ کە لە رەگەکەی کرایەوە، گەشەناکات. سارا وتی: خۆزگە ئیتر کەس گوڵی لە رەگەکەی جیانەدەکردەوە، بۆ ئەوەی گوڵەکان هەمیشە گەشاوەبن، چونکە گوڵ بە گەشاوەیی جوانە.

وێنە: ئیسماعیل عومەر حەسەن

## دووەمی چیرۆک

# سودی هەتاو



کاڵــــێ وکانـــــی ئامــــۆزای لە ماڵی نەنــکیان بــون. کانی کە بینی نەنکی لە ژورە تاریکەکــەدا دانیشــتووە، وتــی: نەنە گیان، تۆزێ بچۆ بەرهەتاوەکە، تۆ پێویســـتیت بە هەتاوە. کاڵێ بێ ئەوەی بزانێ کانی مەبەستی چییە، وتی: نا کانی گیان، وازی لێبهێـــنە با گەرمـــای نەبێت. ئـەوان لەم قســـانەدا بون، دایکی کاڵێ کە گوێی لە قسەکانیان بو، خۆیکرد بە ژورداو وتی: کاڵێ، کانـــی راســـتدەکات و تۆ هەڵەیت، چونکە پیریش وەکو منداڵ پێویستی بە هەتاوە.



لازۆ یاسین
پۆلی دووەم
قوتابخانەی گەشەی بنەڕەتی

## سێیەمی چیرۆک

# شەوی بەرات



شەوی بەرات بو، منداڵان بە دڵخۆشیەوە چـــوبونە دەرەوە بۆ گەڕان و کۆکردنەوەی نوقل، بەڵام ئازادو هاوڕێکانی خەریکی بەکارهێنانی تەقەمەنی و یاریی ئاگرین بـــون و خەڵـــکیان بێزارکردبو. لەو کاتەدا منداڵێک بە ناوی ئاوات هاتــە لایان و وتی: هاوڕێـــیان ئەو کارەی ئێوە دەبێتە هـۆی ئازارگەیاندن بە خۆتان و دەوروبەرتان. ئازادو هاوڕێکانی وتیان: نەخێر تەقەمەنی تەنیـــا بۆ گاڵتەیە. لەوکاتەدا تـــەقەمەنیەک بەدەستـــــی ئازاددا تەقییەوە. ئیـــتر هەموان شـەرمەزاربون و یارییە ئاگرینەکانیان فڕێداو بڕیاریاندا کاری وا دوبارەنەکەنەوە.



باران عەبدوڵا تۆفیق
پۆلی شەشەم
قوتابخانەی وڵوبەی بنەڕەتی

وێنە: ئیسماعیل عومەر حەسەن

# نیشتمانەکەمان بناسین

## گوندی کوڵم



یەکێکە لە گوندە هەرە دڵگیرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری ئیلامەوەو نزیکەی (٧٠ ) کیلۆمەتر لە شاری ئیلام و (١٣)کیلۆمەتر لە شارۆچکەی (بەدرە)وە دورە. ئەم گوندە دەکەوێتە دامێنی چیای (گور کویە)وەو نزیکە (١٥٠٠) مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە، ئەمەش وایکردووە دیمەنێکی یەکجار دلڕفێنی هەبێت و لە هاویندا هێندە فێنکە کە ساڵانە هەزاران گەشتیار سەردانی دەکەن.

ناوی ئەم گوندە لە ڕوباری (کوڵم)ەوە هاتووە کە لە چیای( دەنگ ئالان) وە هەڵدەقوڵێت و بەناو گوندەکەدا دەڕوات و هێندەی تر جوانیکردووە. کوڵم جگە لە جوانییەکەی، گوندێکی دێرینەو هەتا ئێستاش لە باکوری گوندەکەدا شوێنەواریی پەرستگەیەکی زەردەشتی ماوەتەوە، هەروەها شوێنەواری قەڵایەک ماوەتەوە کە دەکەوێتە باشوری ڕوباری کوڵمەوە. کوڵم خاکێکی زۆر بەپیتی هەیەو دانیشتوانەکەی سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و بەخێوکردنی ماسین و ساڵانە بڕێکی زۆر ماسی بەرهەمدەهێنن. دانیشتوانی ئەم گوندە کە سەر بە خێڵی (مالیمان) ن بە شێوەزاری شیرینی ( لور: فەیلی) قسەدەکەن و بە بەخشندەیی و میهرەبانیی بەناوبانگن.

ئا: پەپوولە

## مینک

گیاندارێکی شیردەری گۆشتخۆرە. جۆرێکە لە سەگلاو و شێوەی لە گۆرهەڵکەنە دەچێت. لە نیوەی باکوری گۆی زەویدا دەژی. درێژی لەشی (٣٠- ٥٠) سانتیمەترو درێژی کلکی (١٣- ٢٣) سانتیمەترە، کێشی دەگاتە (٢) کیلۆگرام.

پێیەکانی کورتن و ملی درێژو ئەستورە، سەری گەورەیەو گوێچکەکانی خرو بچکۆلەن. لەشی بە فەرویەکی ئەستورو نەرم داپۆشراوەکە ڕەنگی قاوەییەکی تێرەو مل و سنگی هەندێ پەڵەی سپیان تێدایە. مەلەوانێکی چاکەو دەتوانێت بچێتە قوڵایی ئاوەوە. بە شەو بە شوێن خواردندا دەگەڕێت کە بریتیە لە ماسی، کرتێنەری بچوک، وشکاوەکی، باڵندەی ئاویی و هێلکەکانیان. مێیەی مینک لە بەهاردا چوار بێچوی دەبێت و لەگەڵ نێرەکەدا پێکەوە بەخێویان دەکەن.

بە هۆی فەروەکەیەوە ڕاودەکرێت، هەروەها چەوریەکیش لە لەشیدا هەیە لە دروستکردنی کەرەستەکانی جوانکاریی و دەرماندا بەکاردەهێنرێت.



ئا: دیاری

وێنە : سامان عوسمان

# کاژێر ١١:٣٥

حەمە رەحیم رەمەزان - نیروانی
وێنە: سەرتیپ فەتاح



باوکی ڕێبوار، منداڵەکانی وا ڕاهێنابون کە هەمیشە بابەتی ناو گۆڤارو نامیلکەی منداڵانیان بۆ بخوێنێتەوە. ئەوانیش زۆر بە خۆشیەوە گوێیان لێدەگرت و دڵخۆش دەبون. جارێکیان باوکی وتی: ئەمشەو، چیرۆکێکی خۆشم بۆ هەڵبژاردون. منداڵەکان زیاتر لە باوکیان نزیک کەوتنەوە، ئەویش بەم جۆرە دەستیپێکرد:




لە وڵاتی ژاپۆن باوکێ دەستی کورەکەی گرت و بردی بۆ بازاڕ تا کاتژمێرێکی بۆ بکرێ. سەریان بە هەر دوکانێکدا دەکرد کاتژمێرەکان لەسەر ١٠:١٠ خولەک دانرابون. دوای ئەوەی باوکەکە کاتژمێرێکی بۆ کورەکەی کری، کورەکە وتی: بابە، ئەوە بۆچی هەمو کاتژمێرەکان لەسەر ١٠:١٠ خولەک دانرابون؟




باوکی وتـــی:
لەبەر ئەوەی لە کاژێـر **١٠:١٠** خولـــەکدا ئەمریکا شـــارەکانی ( هیرۆشـــیما و ناکـــازاکی ) وڵاتەکەمـــانی بە چەکـــی ناوەکی بۆردومانـــکرد، ئێـــمەش کاتژمێرەکانمان لەسەر ئەو کاتە دانـاوە تا نەوەکانی داهاتو هەرگیز ئـەو کاتەیـان بیرنەچێتەوە.
باوکی ڕێـوار کە لە چیرۆکەکە بوەوە وتی: هەرچـــەندە ئەو دو شـــارە لـەو کاژێردا بـــۆردومان نەکراون و ئـــەوە تەنها بۆ سەرنجڕاکێشانی منداڵان چیرۆکەکە وا داڕێژراوە، بەڵام چیرۆکەکە سەرنجڕاکێشە.




ڕێبوار کەمێک بێدەنگ بو، ئنجا وتی: بابە ئەو دوشـــارە لەو کاتەدا بۆردومانکرابن یان نا، مـــن هیوادارم هەرکاتێک ئێـمە کارگەی کاتژمێر دروستکردنمـــان دامەزران. کاتژمێرەکان لەسەر **١١:٣٥** خـولەک دادەنێین، چونکە شاری هەڵەبجـــەی ئێـــمە لەو کاتەدا کیـــمیابارانـکراو هاونیشـــتمانیمان شەهیدبـــون.
باوکـــی ڕێـــوار بە زیـرەکی کورەکـــەی زۆر دڵـــخۆشبو، دەستێکی هێنا بەسەریداو وتی: ڕێبوارگیان، هیوادارم بتوانین ئـەوە بکەین.

# بۆچی نابێت کارەبای زۆر بەکاربهێنین؟!



ئایا سەیری هیتەری کارەبات کردووە؟ چی رودەدات کە دەیـــگەیەنیت بەسەرچاوەی کارەبـــا؟ بێگومان یەکســـەر تــــەلــەکەی سوردەبێـــتەوەو گەرم دەبێت. تەلی هیتەر خۆی بۆ ئەوە دروســــتکراوە کە سـوربێتەوەو گەرم بێت تا ئـــەو شوێنە گەرمـــبکات کە تێدایە، بەلاٌم ئەگەر تــــەلەکە تەلی هـــــیتەر نەبێت، تەلی ئاسایـــــی بێت و کارەبای زۆری پێدابروات ئەوا کە گەرم بو سوربووەوە دەبێتە هۆی ئاگرکەوتنەوەو گرگرتن، بۆیە نابێت بە تەلی ئاسای و باریکدا ئەو ئامـــــێرانە داگیــــرسێنین کـــــە کارەبـــــای زۆر رادەکێـــــشن.

ئا:محەمەد حامید

## بۆچی پێستی هەندێک کەس سپی و هەندێکی تر رەشە؟



لە ناوچە گەرمەکاندا پێستی مرۆڤ رەش یان گەنـمرەنگ و لـە ناوچە ساردەکاندا سپییە، بۆچی؟

لە ناوچە گەرمەکاندا تیشکی خۆر بەهێزەو راستەوخۆ بەر لەش دەکەوێت، ئنجا لەش بۆئەوەی خۆی لەو تیشکە بەهێزە بپارێزێت، ئەو خــــانانە چالاک دەکـــات کە بەرپـــرسن لە دروستکردنی بۆیەی ( میلانین )، واتە خانەکان برێکی زۆر لەو بۆیەیە دەردەدەن. ئـــەم بۆیەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێستی مرۆڤ مەیلەو رەش یان گەنمرەنگ بکات. هەروەها لە شوێنە گەرمەکاندا بۆ ئەوەی کاریگەری تیشکەکە لەســـەر پێست کەمتربکرێتەوە، پێست زیاتر ئـــەستور دەبێت، بەمـــەش رەنـــگی مەیلەو رەش یان گەنمرەنگ دەبێت. بەلاٌم لە شـــوێنە ساردەکانـــدا لەش پێویستی بەوە نییە بڕی زیاتر بۆیەی میلانین بڕێژێت یان ئەستور ببێت، بۆیە پێست سپیترە.

ئا: هامنۆ
وێنە: سامان عوسمان

# ناوداران

## شکۆی حەسەن



هۆنـــەری گەورەی گەلەکەمان، شـــکۆ کوری ئەحـــمەد کوری حەسەنی مدۆیەو لە ساڵی ( ١٩٢٨ ) دا لە گوندی جامـــوشوانی بچوک لـــە ناوچەی ئاقبارانی ئەرمـــەنستان لەدایکبووە. ســـاڵی ١٩٥٣ زانستگای یەریـــڤانی تەواوکـــردووەو ساڵی ١٩٥٤ لە گونـــدی باگـــنار لە نـــاوچەی گـــاگرا ( ئەبخازیای گورجستان ) بووە بـە مامۆستا. ساڵی ١٩٥٩ لە بەشی کوردی رادیۆی ئەرمـــەنستان لە شاری یـەریڤان دامەزراوە. ساڵی ١٩٦٥ لە روسیا لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسیی، بەشی کوردناسیی تەواوکردووە. ساڵی ( ١٩٧٥ ) کۆچیدوایی کردووە. هـــۆنراوەکانی باس لە کوردایەتی و خۆشەویستی دەکـــەن و لە زۆربـــەی رۆژنامەو گۆڤـــارەکاندا بە کوردی، روسی و ئەرمەنی بڵاویکردونەتەوە. لە دیوانە چاپکراوەکانی: قالچیچەک ساڵی ١٩٦١، تەمبورا کـــوردا ساڵـی ١٩٦٥ ، مەرەمێ دلێ کورد ساڵی ١٩٧٠.

# هەمەڕەنگ

## کاکی

درەختێکی گەورەیەو بەرزییەکەی (١٠-١٢) مەترە. نیشتمانی ســـەرەکی ئەمریکای باکورو ژاپۆنە، بەڵام ئێستا لە زۆر شوێنی جیهاندا دەروێنرێت. بـــەرەکەی لە تەمـــاتە دەچێت، رەنگی سورێکی مەیلەو پرتەقاڵـیەو تیرەکـــەی دەگاتە ( ٤ ) سانتیمەتر. تامـــێکی تفت و کەمێک شـــیرینی هەیـــەو بە تەری و وشـــککراوی دەخورێت و دەشکرێت بە مرەبا.



## میماس



بچوکترین پاشکۆی هەسارەی کەیوانە (زوحەل )ە و پێشی دەوترێت ( کەیوانی یەک ). شێـــوەکەی نزیکە لە هێلکەییەوە، لـــە گەورەیدا بە بیستەمین هەسارە دادەنرێ لە کۆمەڵەی خـــۆرداو تیرەکەی ( ٣٩٦ ) کیـــلۆمـــەترە. ئەم ئەستێرەیە لە ساڵی ( ١٧٨٩ ) ی زایینـــدا لە لایەن زانا ( هێرشل ) ە وە دۆزراوەتەوە.

ئا : دیلان
وێنە : سامان عوسمان

# شاری یاری



لەکام ڕێگاوە
هەڵمەت دەگاتە کێکەکە؟



کام لەم گۆزانە هەڵگەڕاوەی
گۆزەکەیە؟





هەمو دو ڕەنگێک بگەیەنە
بە یەکتر ،بۆ ئەوەی هیچیان
بەریەک بکەون و هیچ
خانەیـەک بە بەتاڵی
بمێنێتەوە .





بەپێی ڕیزبەندی ڕەنگەکان بە خشتەکەدا بڕۆ,کامین بە پرتەقاڵی کۆتایی هات ئەوەیان زوتر کێکەکە دەخوات .





کام ژمارە لە ناو ئەستێرەکەدا دوبارە نەبۆتەوە, بە ئەوەندە خولەک ژیلا زەویەکە دەسڕێتەوە .





چەند لەم بازنانە لە ڕێڕەوەکەی خۆیان لایانداوە؟

گ: ئەرسەلان حەسەن
وێنە: سەرتیپ فەتاح

# چاودێری دارستان



مراویەکان هەرکاتێک ئارەزویان لێبوایە، دەچونە ناو کانیەکەوەو ئاوەکەیان لێڵ و قوراویی دەکرد، ئەوان گوێیان نەدەدایە ئەو ئاژەڵانەی کە دەیانویست ئاو بخۆنەوە. زەرافەی لەخۆبایش هێلانەی باڵندەی سەر دارەکانی تێکدەداو رایدەکرد، چونکە بەهۆی ملە درێژەکەیەوە دەیتوانی گەڵای دارەکان بخوات. رێویش زۆرجار کڵاوی دەنایە سەر ئاژەڵە داماوەکان و خواردنەکەیانی دەخوارد.



مەیمونی زۆرزانیش دەچووە سەر دارمۆزەکە، چەند مۆزێکی دەخواردو توێکڵەکەیانی فرێ دەدایە سەر جادەکە، بەو کارەی وایدەکرد هەندێک ئاژەڵ هەڵبخلیسکێن و بکەون. بە کورتی ماوەیەک بو دارستانەکە شێوابو، بێسەروبەری هەمو شوێنێکی گرتبۆوەو ئاژەڵەکانی دارستان لەو بارودۆخە بێزاربون.



ئاژەڵەکان دەیانزانی کە دەبێ بۆ گەڕانەوەی ئارامیـــــی و ئاسایشی دارســـتانەکە شتێک بـــکەن. بریاریاندا فەرمانگەیەکی چاودێریی بـــکەنەوە. بەڵام فەرمانگەی چاودێریـــی بێ چاودێر نابـــێ. کەوایە دەبێ ئێستا کێ ببێتە چاودێر؟ چارەسەر هەر هەڵبژاردن بو تا ئاژەڵێک وەک چاودێر دیاربیکەن. (دە) ئاژەل ئامادەبون خۆبەخشانە ببنە چاودێری دارستان.



هەڵبژاردن کراو لە ئەنجامدا پڵنگی تیژڕەو، ماری خاڵدارو قەلەڕەشی ڕاستگۆ هەڵبژێردران. کێشەکە ئەوەبو کە لە بری کەسێک سێ کەس دەرچون، چونکە هەرسێکییان وەک یەک دەنگیان هێـــنابو، بەڵام دوای گفتوگۆیەکی زۆر کێشەکە چـــارەکراو هەموان لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە هەرسێکییان بۆ چاودێریی گونجاون و پیرۆزباییان لێکردن.

ئا: غەمگین فەتاح



کونیهیکۆ ریۆ

# ئێما

**ناوی ئەنیمی: ئێما / EMMA**
**نووسەر: کاۆرو مۆری**
**وێنەکێش: کەیکۆ شیمیزو - یوکۆ کوسومۆتۆ**
**میوزیک: کونیهیکۆ ریۆ**
**دەرهێنەر: تسونیۆ کۆبایاشی**
**جۆری ئەنیمی: مێژوویی - ئەویندارییی**
**ماوە: دو وەرز ( ٢٤ ئەلقە)**
**ساڵی بەرهەمهێنان: ٢٠٠٥، ٢٠٠٧**
**کۆمپانیای بەرهەمهێن: ستۆدیۆ پیەرۆو - ئاسیا دۆ**











## ئێما

کچێکی لێهاتوو زیرەکەو خۆشەویستی ویلیامە.

## کورتەی چیرۆکەکە

(ئێما) کارەکەری ماڵێکی خانەدانی شاری لەندەنە. خانمەکەی (ستەونەر) زۆر میهرەبانە لەگەڵ ئێماداو بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. رۆژێک کوڕێک (ویلیام) دەچێت بۆ ماڵیان ولە یەکەم بینیندا ئەوینداریی یەکتر دەبن و دەیانەوێت هاوسەرگیریی بکەن. بەلام بەهۆی جیاوازیی زۆر لە نێوان بنەماڵەکاندا. بنەماڵەی ویلیام قایل نابن و کچێکی هاوشانی خۆیان دەوێت. دوای ماوەیەک خاتو ستەونەر کۆچی دوایی دەکات. بۆیە ئێما بڕیاردەدات لەندەن جێبهێڵێت و بچێت لە شارێکی تر نیشبکات.

کە دەڕوات لە رێگە خانمێک دەناسێت کە رێ بە ئێما دەدات لە ماڵەکەیدا ببێتە کارەکەر. ئێما دەیەوێت بە تەواوی ویلیام لە هۆشی خۆی دەرکات. ویلیام نازانێت ئێما بۆ کوێ رۆیشتووەو هیچ هەواڵێکی لا نابێت. بۆیە نابەدڵ دەبێتە دەستگیرانی کچێک لە بنەماڵەیەکی خانەدان. پاش ماوەیەک ئێماو خانمەکەی بانگێشتی ئاهەنگێک دەکرێن لە لەندەن. ئێما جوانترین پۆشاکی خۆی لەبەردەکات و پێکەوە دەچن بۆ ئاهەنگەکە.

لەوێ دەزانێت کە ئاهەنگەکە لە ماڵی ویلیامەو ویلیام دەبینێت. بە دوبارە یەکتر بینینەوەیان یادگارییەکانیان بۆ دەگەڕێنەوەو پێکەوە بڕیاری هاوسەرگیریی دەدەن. سەرەتا خێزانەکەی ویلیام قایلنابێت. چونکە ویلیام دەستگیراندارە. بەلام ویلیام پێدادەگرێت کە خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت. سەرئەنجام هاوسەرگیری دەکەن و ژیانێکی خۆش بەرێدەکەن.



## ویلیام

خۆشەویستی ئێمایەو سەرپەرشتی کۆمپانیاکەی باوکی دەکات.





## ستەونەر
خانمێکی دڵسۆزەو بێجگە لە ئێما هیچ کەسێکی نیە.

## ریچارد
باوکی ویلیامەو کەسێکی کەلەڕەقە.

## ئارسەر

## ڤی ڤی

## گرەیس

براو خوشکەکانی ویلیامن.



## حەکیم
شازادەیەکی هندیەو هاوڕێی ویلیامەو یارمەتی دەدات.

## ئیلینۆر
دەستگیرانی ویلیامەو لە کۆتایدا جیادەبنەوە.

## دۆرۆتیا
میهرەبانە لەگەڵ ئێمادا. کاتێک ئێما لەندەن بەجێدەهێڵێت لەماڵەکەی ئەمدا ئیشدەکات.

## مانس
خزمەتکاری ماڵی دۆرۆتیایەو خۆشەویستی بۆ ئێما هەیە.



# دیاری

له فارسییه‌وه: سه‌رهه‌نگ عه‌بدولڕه‌حمان



به‌ڵێنم به خه‌په‌چكۆڵ دابو كه ئاهه‌نگی له‌دایكبونی بۆ بگێڕم. رۆژێک كه خاڵه‌گیان هات بۆ ماڵمان، لێم پرسی: خاڵه‌گیان، چ رۆژێک له سه‌ربازیی گه‌ڕایته‌وه؟ خاڵه پرسی: بۆچی؟ وتم: ئاخر ئه‌و رۆژه خه‌په‌چكۆلت بۆ هێنام، لای من ئه‌و رۆژه رۆژی له‌دایكبونێتی.

خاڵه پێكه‌نی و وتی: ئه‌ها، تێگه‌یشتم. ساڵێک ده‌بێت گه‌ڕاومه‌ته‌وه، حوزه‌یران بو. واته چه‌ند رۆژێكی رۆژی له‌دایكبونێتی! به‌ڕاست تۆ ئه‌مساڵ ده‌بێت بچیت بۆ قوتابخانه، ئه‌ی خه‌په كه‌ی ده‌چێت؟ وتم: خاڵه‌گیان! ئه‌و هێشتا نه‌بۆته ساڵێک، وا زو ناچێت بۆ قوتابخانه! خاڵه پرسی: ئه‌ی رۆژی له‌دایكبونی چ دیارییه‌كی ده‌ده‌یتێ؟ وتم: بیرم لێكردۆته‌وه، به‌ڵام جارێ به‌كه‌س ناڵێم! خاڵه پێكه‌نی و هیچی نه‌وت. خه‌په‌چكۆلیش سه‌یریكردم و پێكه‌نی.

كه رۆژی له‌دایكبونی خه‌په‌چكۆل هات. دایكم كێكێكی دروستكردو هه‌مو بوكه‌شوشه‌كانی گه‌ڕه‌كمان بانگكرد. هه‌ریه‌كه‌و دیارییه‌كی هێنابو. ده‌وروبه‌ری خه‌په‌چكۆل پڕببو له دیاریی. هه‌مو بوكه‌شوشه‌كان چاوه‌ڕێبون دیارییه‌كه‌ی من ببینن. خه‌په سه‌یرێكی كردم، تێگه‌یشتم كه ده‌ڵێت "بۆچی دیارییه‌كه ناهێنیت؟ هاوڕێكانم هه‌مو چاوه‌ڕێن!" چومه ژوره‌كه‌ی خۆم و ئه‌و دیارییه‌ی كه بۆم دروستكردبو هه‌ڵمگرت و له‌پشت خۆمه‌وه شاردمه‌وه. ئنجا چومه لای خه‌په‌چكۆل و وتم: چه‌ند رۆژێک خه‌ریک بوم تا ئه‌م دیارییه‌م بۆ دروستكردیت، هه‌ڵبه‌ته دایكیشم یارمه‌تیداوم! بزانم ده‌زانیت چییه؟ خه‌په سه‌رێكی بادا كه نازانێت.





دیارییەکەم لەبەردەم خەپەدا دانا. هەمـــو بوکەشـــوشەکان بە سەرســـورمانـــەوە سەیـری دیارییەکەیان دەکرد. دیـارییەکە بوکەشوشەیەکی خوری چکۆلەبو، کچۆڵەیەکی قەشەنگ بو. هەمـــو بوکەشوشەکان بە خەپەچکۆلیان وت: خـــۆزگەمـــان بە خۆت! چەنـد بوکـــەشویەکی جوانـــت هـــەیە!

بە خەپەچکۆلم وت: خەپەگیان، من ماوەیەکی تر دەچم بۆ قوتابخانە، ئیتر کاتم نابێت یارییـــت لەگەڵدابکەم، بۆیە ئەم بوکەشوشەیەم دروستکرد تا ببێتە هاورێت و یاریی لەگەڵدا بکەیت، پێتخۆشە؟ خەپە بە خۆشحاڵییەوە گوێیەکانی راوەشاندو سوپاسی کردم، بەڵام لەپڕ خۆی گرژکرد. پرسیم: چییە؟ بۆ ناوچەوانت گرژکرد؟



خەپەچکۆل بە جۆرێک سەیریکردم کە دڵم بۆی سوتا. لە سەیـــرکردنەکەیەوە تێگەیشتم کە دەیوت "کەواتە ئیتر تۆ یاریم لەگەڵدا ناکەیت؟" وتم: بێتاقەت مەبە، رۆژانی پشو لەگەڵ تۆو بوکەکەشتدا یاریدەکەم، باشە؟ خەپە پێکەنی و گوێیەکانی راوەشاند. وتم: لە راستیدا بیرم چو شتێک بڵێم! هەموان بە سەرسامییەوە سەیریانکردم. وتم: بیرم چو بڵێـــم، هاورێی بچوک و بەسۆز لەدایکبونت پیـــرۆز! بوکەشوشەکان کردیانە چەپڵـــەرێزان و پێکەوە وتیان: هاورێی بچوک و بەسۆز لەدایکبونت پیرۆز. خەپە پێـــکەنی وتی: دەمەوێ بوکەکە ناوبنێم رۆزا چکۆل، چونکە زۆر لەتۆدەچێت. ئێستا کە تۆ دەچیت بۆ قوتابخانە، من لەگەڵ رۆزا چکۆلدا یاریدەکەم.

# AW JIYANE



Le daristaneke da dirextêkî berz hebû, çendîn balinde hêlaneyan leser dirust kirdibû. Hemû dilxoş û kameran bûn ta rojêkî behar gelakanî direxteke zerd bûn û destyankird be helwerîn. Balindekan bo dozînewey hokarekan, bepele kobûnewe:-Bo rizgarkirdinî male xoşewîstekeman, pêwîstman be çareserêkî xêraye.

+Be dilniyayyewe direxteke nexoşe.

*Raste, cige le payîz ke werzî gelarêzane, helwerînî gela le her katêkî tir da, metirsîdare.

-Başe êsta çon bizanîn çîyetî û çîbikeyn?!

+Pêwîste be wirdî bigerêyn be dway hokarekan da û çareserêkî bepeleş bidozînewe, egerna debêt bo şwênêkî tir koç bikeyn.



Nexêr, rew nakeyn û nîştimanekeman cênahêlîn.

-Dozîmewe, hokarî werînî gelakan, ya germîy xor ya reşebaye.

+Ey eger wa nebû çîbikeyn? !Xor gwêy le qisekanyan bû, be pêkenînewe witî: nexêr ne emeye û ne ewe. Lew kate da bayek helîkrid, paşan tîşkî xoreke helmî ser rubarêkî gorî be hewrêkî baranawî. Înca hewreke çuwe ser balekanî (Ba) yek û xoy geyande direxteke û baranêkî nerm dakird û dirextekey geşandewe. Xor witî: êsta zanîtan aw çend gringe?! Balindekan wityan: belê zanîman aw nihênî jiyane û pêwîste befîroy nedeyn.*

**G. Le Erebîyewe: Ferhad Ehmed Berzincî**
**Wêne: Îsma'îl Omer Hesen**
**Latînî: Salih Bêçar**

Aa ا،ئا Bb ب Cc ج Çç چ Dd د Ee ە Êê ێ Ff ف Gg گ Hh ھ Îî ی،ئی ا:ــ Jj ژ Kk ک Ll ل Mm م
Nn ن Oo ۆ Pp پ Q,q ق Rr ر Ss س Şş ش T,t ت Ûû وو Vv ڤ W,u و Xx خ Y,î ی Zz ز

# English Club



B__ __



S__ __ __



M__ __ __ __ __ __ __



S__ __ __ __ __



S__ __ __



## A Merchant and his Donkey

One beautiful spring morning, a merchant loaded his donkey with bags of salt to go to the market in order to sell them, but the donkey didn't like to work .They were walking long together. They had not walked far when they reached a river on the road. Unfortunately, the donkey slipped and fell into the river and noticed that the bags of salt loaded on his back became lighter.There was nothing the merchant could do, except return home where he loaded his donkey with more bags of salt. As they reached the river, the donkey fell into the river and wasted all the bags of salt on its back again.The merchant quickly discovered the donkey's trick. He then returned home again but re-loaded his donkey with bags of sponges.The foolish donkey again set on its way. On reaching the river he again fell into the water. But instead of the load becoming lighter, it became heavier. The merchant laughed at him and said:"You foolish donkey, your trick had been discovered, you should know that, those who are too clever sometimes they dig hole for themselves"

## بازرگانێک و گوێدرێژەکەی

لە بەیانییەکی دڵگیری بەهاردا، بازرگانێک چەند فەردەیەک خوێی لە گوێدرێژەکەی بارکردبو تا بچێت بۆ بازاڕو بیانفرۆشێت، بەڵام گوێدرێژەکە ئارەزوی کارکردنی نەبو. ماوەیەکبو پێکەوە دەڕۆیشتن. زۆر دورنەکەوتبونەوە کاتێ گەیشتنە روبارێکی سەر رێگەکە. بەداخەوە گوێدرێژەکە هەڵخلیسکاو کەوتە ناو روبارەکەوەو تێبینی ئەوەی کرد کە فەردە خوێکانی سەر پشتی سوکتربون. بازرگانەکە هیچی بۆ نەکرا، جگە لە گەڕانەوە بۆماڵەوەو بارکردنی فەردە خوێی زیاتر لە گوێدرێژەکە. کە گەیشتنەوە روبارەکە دوبارە گوێدرێژەکە کەوتەوە ناو ڕوبارەکەو سەرجەم فەردە خوێکانی سەر پشتی بەفیرۆدان.بازرگانەکە زوو درکی بە فێڵی گوێدرێژەکەکرد. دوبارە گەڕایەوە ماڵەوە، بەڵام ئەمجارە چەند فەردەیەک ئیسفنجی لێبارکرد. گوێدرێژە گەمژەکە بە هەمان رێدا رۆشتەوە. بە گەیشتنیان بە روبارەکە دوبارە خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە. بەڵام لەبری ئەوەی بارەکەی سوکتربێت قورستربو. بازرگانەکە پێی پێکەنی و وتی: ئەی گوێدرێژی گەمژە، فێڵەکەت ئاشکرابو. پێویستە ئەوە بزانیت، ئەوانەی کە زۆر زیرەکن هەندێکجار چاڵ بۆخۆیان هەڵدەکەنن.



وێنه: سه‌رتیپ فه‌تاح

## له تابلۆكه‌ی سه‌ره‌وه‌دا ئه‌م وێنانه بدۆزه‌ره‌وه.



# هاوڕێیانی پەپولە


هانۆ زانا


هەنی زانا


لاوک هاوبەش


لارا هاوبەش


ڕاسان کامەران


هەڵکورد هاوڕێ


لاڤەند تەها


ئادەم شێرکۆ


بارین فەرمان


ئایان کارزان


گەزۆ قادر


ڕێبەند زانا


ناودار سەرکەوت


لاهور کارزان


هەستی هەڤاڵ


دیە هەڤاڵ


ئاڵی ئاکۆ


لاوان ئارا

# رەفتارە هەڵەکان زیان بەخشن



بەرگی یەکەم و دووەم: غەمگین فەتاح

نرخی (١٠٠٠) دینارە